www.kurdistannet.org 23-2-2003

ئاسۆ ڕەشید بیارەیی
سوید_٢١-٢-٢٠٠٣

ئەمیشم چوو ئەویشم وادەچێ

_کورەکەم گۆرانی بەباڵای بەرزدا دەخوێنێ ،هەروەك كاتی خۆی باوكی لەپێدەشتەكانی هەولێر بەرازی بەخێوكردبێ..! هەر پێی دەڵێم ووزبە هەتیوو سۆماڵی وخەڵكانی مزگەوتمان لێهارمەكە ،گوێ ناداو دەمی وەك تەڵەی مشك دەتەقێ و مەخسەرمپێدەكا..ئێخۆ بابە !بەراز لەبزن بی وەیترە و گوناهینیە، تۆبۆ رقت لێهەڵساوە..

كچەكەم دەیەوێ بەمایۆوە بەڕۆژی نیوەڕوانی لەناو سەنتەری شاردا بسوڕێتەوە..! ئەوە ژنەكەم لەساڵانی سەردەم سەدامدا تەرەبوو .نەمزانی بیردۆزەكەی خاڵەماركس وایە ، دەنا هەرگیز ڕوم نەدەكردە ئەوروپا كەوا ئاورە بۆ ئێمەومانان.لەبیرم دێت ژنی جاران بەحەوت گرێ دەرپێكانیان دەبەست تا هیچ پیاوێ نەوێرێ سەیریان بكات ، ئێستا بۆ نەگەبەتی باوی پەتەدەرپێیە..ئەو برادەرە ڕاستی فەرمووە كەخوای گەورە زانیویەتی حەیا وەكو حەی حەی لێرە بێ قەدرە ئەگینا هاوینێكی گەرم گوڕی ئەدا بەم بەرازخۆرانە..

كچەگەورەكەم داوای كۆمپیتەرم لێدەكات ،كەكچانی برادەری هی تازەیانكڕیوە كەلەگەڵ مۆبیالدا بتوانن نامەبۆ یەكتری بنێرن،یان خۆی دەكوژێ.ڕوژنییە نەڵێ ئەم كوردستانە بوو بەچی كەوا تۆ و پۆرە كوبرا مانگانەتان بۆ بریوەتەوە ، ئەوانە وەك كرم وان و بەهیچ تێرنابن..هیوادارم ئەمریكا ئەوەندە بۆمبی ڵیبدا بەردی بەسەر بەردەوەنەمێنێ و بیكاتە شوێن پاركی فڕۆكەكانی..

لەم ڕوژانەدا هەموو منداڵەكانم كۆكردەوە كەكەمێ سەیری كەناڵەكوردیەكان بكەین تاكۆ كەمێ بەداب و نەریتی كوردی ئاشنابین و بەڵكو هاوینی داهاتوو بتوانین سەرێكبدەینەوە ،بۆ بەختەكەی من ساتەلایتی ئەمریكا وێنەو بنكەكانی ئیسلامیەكانی لەشارۆچكەی خورماڵ پیشانئەدا و باس باسی تەرۆر و كوشتن بوو.كوڕەكەم ،بابە ئەتەوێ بم بەیتەوە لەوێ ڕیشم پێبە خێوبكەی..كچەكانم ، وەڵا بابە ئیمە چادرلەبەرناكەین،خۆ شێت نەبووین! ئەی چی بڵین بەكچەبرادەرەكانمان..!بڵێن باوكمان بۆ پێشبڕكێی مودەی جل ئێمەی بردوە..!

ووتیان : نا بابە!خۆت بەتەنیا بڕۆی باشترە و ئەگەر خوانەخاسە شتێكیشت لێقەوما سوید گوناهی ئێمە ناگرێ و زۆر لەسەری ناڕوات،چونكە تۆ هێشتا ڕەنگی ئیرەت وەرنەگرتوە.ئی بەخوا جارێ مەسەلەی شوكردنیش لەمێشكی خۆتدەربكە!

سەرم لێشواوە ، دەچم ئەوێ پێمدەڵێن چیەكەی لێرە ؟ لێرە دەمینیتەوە بەبێمێشك و دەبەنگەكەی ناوەندی ڕۆژهەڵات ناوم دەبن..ڕوژانە بریندارمدەكەن..پیرێ لەسەركار باسی یارمەتی و جل كۆكردنەوەمان بۆ منداڵانی هەژاردەكرد،پیرەژنێك ووتی: من بۆم بكرێ هەرچی جلی كۆنمە ئەیدڕێنم تاكۆ خاچی سوور وەریاننەگرێ..هەرچی پەناهەندەیە ڕەوانەی ئەفغانستان دەكەم تا لەناو ئەوبەردانەدا دابرزێن..

– ئەنتەرنێت و تەزبیح

دەڵێن :پیاوی كورد ئەگەر بێپارەبوو یا كونجی مزگەوت وتەزبیح دەبێتە پیشەی ،یان ئەگەر بووبە خاوەن پارەش یان برنەوێك ئەكرێ یان ژنێتیكی تازەدەهێنی.ئی لەئەورووپاش دووژنی نابێت.

برادەرێك ووتی:پێش ئەوەی تۆڕی ئەنتەرنێت بێتەئاراوە و ببمە خاوەن كۆمپیتەر ژنەكەم تەزبیحەكەمی ئەشاردەوە بەبیانوی ئەوەی كەدەنگی دەنكەكانی ناخۆشە كاتێك تەزبیحاندەكەم،خۆشی جاجك و گوڵەبەڕۆژە پشوی بەلێوی نەئەدا.ویستم منیش لاسایی ئەوبكەمەوە ،بەلام بۆ بەخت ڕەشی من هەردووكی لەبازاری (سوید )دادەست ئەكەوێ. ئێستاش ئەیەوێ كۆمپیترەكم پێلابیات .جارجاریش لەگەرمەی تۆری ئەنتەرنێتدا وایری تەلەفۆنەكە لائەبات،گوایا سەیری شتی(كچیڕوت) قۆردەكەم.